## تابلۆکانی هونەرمەندی شێوەکاری کۆچکردوو (جەزا فەریق) :
## هەوڵێکی بەردەوام، بۆ بەدیهێنانی جیهانێکی هەمەڕەنگ ودوور لە توندوتیژی .

**ئا.دانا سەعدی / نەمسا**

ئێوارەی شەممە 25.03.2006 بەهاوکاری مەڵبەندی کوردیی لە ڤیەننا ،پێشانگەیەکی هاوبەش بۆ سێ کەڵەهونەرمەندی کوردیی دانیشتووی نەمسا، بەڕێوەچوو . بۆ سێ هونەرمەند ،کە زۆر لەمێژە پەی بە نهێنیەکانی دونیای هونەری شێوەکاریی دەبەن.هەموو توانا وسەلیقەهونەریەکانیان دوای چەندین ساڵ لە ئەزموون وتاقیکردنەوە،کردۆتە ئەو چەکە زانستیەهونەرییەی ،بە جوانترین ونوێترین زمانی سەردەم ،خۆیان بە پانتاییەکانی دونیای هونەر دەناسێنن و لەلایەن چەندین هونەرمەندی پێشکەوتووی بیانیی بە گشتی وهونەرمەندانی شێوەکاری بە تایبەتی بە ڕێز وستایشەوە دەنرخێنرێن.لێرەشەوە ئەو ڕاستیە حاشا هەڵنەگرە دووپاتدەکرێتەوە،کە نەتەوەی کورد خاوەنی دەیان هونەرمەندی بوارەجیاجیاکانن وسەرباری هەموو ئاستەنگەکانی بەردەمیان ،برەو بە هونەرەکەیان دەدەن.
سەرەتای کردنەوەی پێشانگە لەلایەن بەڕێز(ڤۆلەر) نوێنەری کولتوری شارەوانیی ڤیەننا وئەندامی ئەنجومەنی نیشتیمانی نەمسا دەستی پێکرد.

لەم ئێوارە پڕ لەڕەنگ وجوانێتی هونەرەدا ، یەکێک لەو سێ هونەرمەندە ،بەداخەوە خۆی ئامادە نەبوو. ئامادە نەبوو ،چونکە کەمتر لە ساڵێکە ماڵئاوایی لە هونەردۆستان کردووە و مەرگ بواری نەدا هەموو خەون وئەندێشەکانی بێنەدی .ئەو هونەرمەندە ناسراوەی لەزۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا بەشداری لە چەندین پێشانگەی گەورەدا کردبوو، کاکە( جەزا فەریق) ە و ئەفسوس دڵە گەورە پڕ لە خۆزگە وئاواتەکانی ،ساڵی پار لە سەردانیدا بۆ کوردستان ،لەشاری سلێمانی لە لێدان دەکەوێت.




لەپاش ئەو مەرگەناوەختە ،لە ئێوارەیەکی هونەریی وەک ئەمڕۆدا، هەندێک لە تابلۆکانی ،کە ژمارەیان 26 تابلۆ بوون ،وەک بەشێک لە بەرهەمە هەمیشەزیندووەکانی لەم چالاکیەدا نمایش کران .ئامادەبووانی ئەم ئێوارەیەی لەلایەک بۆ لەئامێزگرتنی هونەرەکەی ڕادەکێشا ،لەلایەکی دیکەوە سیمای پڕ لە میهر ، ڕەنگەسەرنجڕاکێشەکانی وڕاستگۆیی ئەم هونەرمەندەی دەهێنانەوە پێش چاو. ئەم هونەرمەندە شێوەکارە هەر لەسەرەتای ئەزموونی هونەرییەوە بەوە خۆی بەو جیهانە بەرینە ناساند ،کە کاراکتەرێکی بەرزە وداکۆکی لە ماف وئازادیەکانی ژنان دەکات .شاکارەهونەریەکانی گوزارشت لەو ڕاستیە دەکەن ،لە هەر شوێنێکدا چەوساندنەوە وئازاردانی مرۆڤ ئامادەبووبێت،ئەم بە چەکی هونەر وئەم بە ئیرادەی پۆڵایین بە گژیاندا چۆتەوە.
لەهۆڵەکەدا بە هەرلایەکدا هەنگاوت هەڵبهێنابا ولەپێش هەر تابلۆیەکیدا بوەستابایت ،هەستت دەکرد جەزای هونەرمەند هەروەکو جاران بە گەرمی وخۆشەویستیەوە پێشوازییت لێدەکات وسەرقاڵی ئەوەیە نهێنی تابلۆکانیت بۆ ڕاڤە بکات.




هەردوو هونەرمەندی شێوەکار(فائیق ودارۆ) ،کە دوو هاوڕێی نزیکی جەزای کۆچکردوون ،بە گەرمی بەخێرهاتنی سەرجەم میوانەکانیان کرد . لەپاڵ تابلۆکانی جەزای هونەرمەندا،ئەم دوو بەڕێزەش بە چەندین تابلۆی هونەریی خۆیان ،بەشداریان لە پێشانگەکەدا کرد.

سەرباری ئەوەی کوردانی هونەردۆستی دانیشتووی وڵاتی نەمسا بەڕێژەیەکی بەرفراوان ئامادەی ئەم ئێوارە پێشانگەیە بوون،دەیان هونەرمەندی ناودار وبە توانای نەمسایی وبیانیش بۆ ڕێزلێنان لە هونەری ئەم سێ کوردە و بۆ بەرزڕاگرتنی مێژووی خەباتی هونەریی جەزای هاوڕێیان ،پەیتا پەیتا دەهاتنە ناو هۆڵەکەوە ویەکە بە یەکەی تابلۆکانیان بەسەر دەکردەوە.




ئامانجی سەرەکی لەم چالاکیەهاوبەشەدا ئەوەبوو،لەپاش کۆچە لەناکاوەکەی کاکە جەزا ،بتوانرێت لە کاتێکی نزیکدا وبە جوانترین شێوەی هونەریی ومۆدێرن ،نامیلکەیەک بۆ بە زیندوویی هێشتنەوەی مێژووی خەباتەسەختە هونەریەکەی کاکە جەزا، بە چاپ بگەیەنرێت.لەم ڕێگەیەشەوە هەموو هەوڵەکان تەنها بۆ ئەوەبێت،ئەو ئامانجە مەزنە بپێکرێت ،کە هونەرمەندان بەرگریی وپارێزگاریی لە جیهانە فراوانەکەی جەزای کۆچکردوو بکەن وبۆ هەتا هەتایە بە ئەمەکداریەوە بە نەمریی بسپێرن.